هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

ژمـارە : ٥٣٠٥ No :

ڕێکەوت : ٢٤ / ڕەزبەر ٢٧١٨/ ی کوردی Date: ٢٠١٨/١٠/١٦

# بڕیار

پشتبەست بە ئەحکامەکانی یاسای پیادەکردنی پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ هەموارکراو، و پشتبەست بە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩، و ئاماژە بە بڕگەی (پانزەیەم) لە ماددەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی، بڕیاردرا بە:

١. ڕێگە نادرێت دەرمانساز ببێتە خاوەنی زیاتر لە یەک مۆڵەتی دەرمانخانە، کۆگای دەرمان، کارگەی دروستکردنی دەرمان و ئەو شوێنانەی لە ماددەی (یەکەم)ی یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ هەموارکراوی ئاماژەپێدراوی سەرەوەدا هاتوون.

٢. پێویستە خاوەنی مۆڵەت خۆی بەڕێوەبەری ئەو شوێنانە بێت کە لە بڕگەی (١)ی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە و بۆی نییە ئەو مافە بۆ هیچ کەس و لایەنێك بگوێزێتەوە و پێویستە بە ڕێکوپێکی لەو شوێنەدا دەوام بکات.

٣. پێویستە ناوی دەرمانخانە و ناوی دەرمانسازی بەڕێوەبەری دەرمانخانە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە پیتی دیار بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە پێشی دەرمانخانەکەدا هەڵبواسرێت.

٤. پێویستە لەسەر وەزیری تەندروستی دەرمانسازی فەرمانبەر لەسەر میلاکی وەزیفی کە بەشدارە لە دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە سەرپەرشتی و چاودێری و پشکنین و بەڕێوەبردن و لێپرسینەوەی ئەو شوێنانەی لە بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارەدا قەدەغە بکات لە هەبوونی مۆڵەت. لە بەرامبەردا وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرماڵەیەکی تایبەت بۆ ئەو دەرمانسازانە تەرخان دەکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیەش، وەزیری تەندروستی دەسەڵاتی دانانی دەرمانسازی بیانی هەیە بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم بڕگەیە بەپێی گرێبەستێك کە مەرجەکانی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەستنیشان دەکرێت.

٥. جگە لە پزیشکی دەرمانساز هیچ کەس و لایەنێکی تر مافی فرۆشتنی دەرمان و ئامادەکردن و پاراستن و تۆمارکردنی لە تۆماری وەسفی پزیشکی نییە، جگە لە یاریدەدەری دەرمانساز و فەرمانبەری تەندروستی و قوتابیانی کۆلێژی دەرمانسازی کە لەژێر ڕاهێناندان، ئەویش بە مەرجێك لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەری شوێنەکە بن و پێشتر وەزارەت و سەندیکای دەرمانسازان لە ناوەکانیان ئاگادارکرابنەوە.

٦. دەرمانساز بۆی نیيە هیچ دەرمانێك سەرف بکات یان دابین بکات بە بێ ڕاچێتەی پزیشکی پسپۆڕ، جگە لەو دەرمانانەی کە سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی دەستنیشانیان دەکات. هەر ڕەچەتەیەکیش تەنها بۆ یەك جار بەکاردێت و نابێت لەسەر ڕەچەتەی بەکارهاتوو دەرمان بکرڕدرێتەوە جگە لەو دەرمانانەی کە بەپێی ڕەچەتەی پزیشکی بۆ نەخۆشی درێژخایەنن و وەزارەتی تەندروستی دەستنیشانیان دەکات.

٧. پێویستە لەسەر گشت دەرمانخانەکان تۆماری وەسفی پزیشکییان هەبێت کە لاپەڕەکانی ژمارە کرابن و مۆری دەسەڵاتی پێوەبێت و ئەم زانیاریيانەی خوارەوەی تیادابێت:

أ) هەر دەرمانێك کە لە دەرمانخانەکەدا دابین کرابێت.
ب) وەسفی پزیشکی.
ج) چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرمان.
د) ناوی ئەو نەخۆشەی کە دەرمانەکەی بۆ دابینکراوە.
هـ) نرخی دەرمان.
و) ناوی ئەو پزیشکەی وەسفی پزیشکیی دەرمانەکەی کردووە.
ز) ڕێکەوتی دابینکردنی دەرمانەکە.
ی) ڕێکەوتی نووسینی ڕەچەتەی دەرمانەکە.

٨. پێویستە لەسەر دەرمانخانەکان وێنەیەك لە پسووڵەی کۆمپیوتەریی سەرفکردنی دەرمان بدەن بە کڕیاری بەکاربەری دەرمان کە ناوی دەرمانخانەکە و خاوەنەکەی و ناونیشان و ژمارەی مۆبایل و ئیمەیل لەخۆبگرێت، سەرەڕای جۆری دەرمانەکان و ناوی زانستی و بازرگانی و بڕ و نرخەکانیان و ناوی ئەو پزیشکەی کە ڕەچەتەی پزیشکی بۆ نەخۆش ڕێکخستووە، و پێویستە ئەم زانیاریيانە لە داتابەیسێکی کۆمپیوتەری هەڵبگیرێت، و لە کاتی پێویستدا لیژنە و لایەنە ڕێپێدراوەکان مافی سەیرکردن و دەستکەوتنی ئەو زانیاریيانەیان دەبێت.

٩. پێکهێنانی لیژنەیەك لە وەزارەتی تەندروستی بە ناوی (لیژنەی نرخاندنی دەرمان) لە (٥) پێنج ئەندام کە سەرۆکەکەی و (٢) دوو ئەندامیان لەلایەن وەزیری تەندروستی دەستنیشان دەکرێن لە فەرمانبەرانی پزیشکی دەرمانساز و (١) یەك نوێنەری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان و (١) نوێنەری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە مەبەستی دەستنیشانکردنی بنەماکانی دیاریکردنی نرخی دەرمان و بەرهەمە پزیشکییەکان کە هاوردە دەکرێن یان لە ناوخۆدا

ژمـــارە :
No :

ڕێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی
Date: / /

بەرهەم دەهێنرێن و پێویستە لەسەر هاوردەکار نرخی دەرمان و بەرهەمە پزیشکییەکان بە تاك دەستنیشان بکات بەپێی ئەو ڕێنماییانەی وەزیری تەندروستی دەریان دەکات.

١٠. لیژنە پەیوەندیدارەکانی قایمقامیەت و ئاسایشی بازرگانی و پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کوالێتی کۆنترۆڵ و دەزگا و دامەزراوەکانی تری هاوشێوە دەستکراوە دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پشکنین و بەدواداچوون و گرتنی سەرپێچییەکان و دەستنیشانکردنی ناوی ئەو کەس ولایەنانەی دەبنە ڕێگر لە بەرامبەر بەجێهێنانی ئەرکەکانیان و ڕاپۆرتکردنی زانیارییەکان بۆ وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بە مەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا بەپێی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو و لە کاتی کەمتەرخەمی ناوبراوان لەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە یان ئاسانکاری بۆ سەرپێچیکاران، ئەوا ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر و توندترین سزا دەدرێن.

١١. پێویستە لەسەر سەرجەم دەرمانخانە و کۆگا و شوێنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و مادده تاقیگەییەکان و مادده کیمیاوی و بەکتەرەلۆژییەکان و ماددەکانی تایبەت بە بواری پزیشکی ددان و ئەو مادده و کەلوپەلانەی دیکەش کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دەستنیشان دەکرێن ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

أ) دابینکردنی گەنجینەی پێویست لە خاڵەکانی سنوور و ناو شارەکان بۆ پاراستنیان بە شێوەیەك لەگەڵ پلەی ترسناکی ئەو ماددانەدا بگونجێت و گشت مەرجە تەندروستی و زانستییەکانیشی تیادابێت لە ڕووی پلەی گەرمی و شێ و ڕووناکی و هەواخۆشکردن (هەواگۆڕکێ) و ساردکردن و دابینکردنی ئامێرکانی ئاگرکوژێنەوە و بنکەی تەختە یان ئاسن.

ب) ساردکەرەوەی تایبەتییان هەبێت بەپێی ئەو مواسەفات و مەرجە داواکراوانەی کە وەزارەتی تەندروستی دیاری دەکات بۆ پاراستنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و مادده تاقیگەییەکان و مادده کیمیاوی و بەکتەرەلۆژییەکان و ماددەکانی تایبەت بە بواری پزیشکی ددان و ئەو مادده و کەلوپەلانەی دیکەش کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دەستنیشان دەکرێن.

ج) پێویستە ئەو دەرمان و مەوادانە بەپێی ستانداردی پلەی گەرمی پارێزراو بن و کەشوهەوای ناو دەرمانخانەکان و کەشوهەوای ناو ساردکەرەوەکان هەمان ئەو کەشوهەوا بێت کە لە لیفلێت و پاکەتی دەرمان و مەوادەکاندا تۆمارکراون.

د) دابینکردن و بەکارهێنانی هۆکار و ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گواستنەوەی ئەو دەرمان و مەوادانەی ئاماژەیان پێدراوە لە سەرچاوە و خاڵە سنوورییەکانەوە بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لە کاتی گواستنەوەیان لە ناو هەرێمی

No :

Date: / /

ژمـــارە :

ڕێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی

کوردستان، و بە هەموو جۆرێك قەدەغەیە ئۆتۆمبێلی دیکەی ناتایبەت بەکاربهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە و بە پێچەوانەوە لیژنە پەیوەندیدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پۆلیسی هاتووچۆ دەسەڵاتی دەستبەسەرداگرتنیان هەیە و خاوەنەکەشی ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر دەگیرێتەبەر وەك مامەڵەکار بە دەرمانی بەسەرچوو.

هـ) دابینکردنی کارەبای هەمیشەیی (٢٤) سەعاتی بۆ دەرمانخانە و کۆگا و ئەو شوێنانەی دیکە کە لەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە، و خاوەنی ئەم شوێنانە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە لەسەر تێچووی خۆیان لە ئەگەری نەبوونی کارەبای نیشتمانی.

١٢. ڕێگە نادرێت بە ڕیکلامکردن و پروپاگەندە (الإعلان والدعاية) بۆ ئەو دەرمان و بابەتە دەرمانسازیيانەی کە بەکارهێنانیان پێویستی بە ڕەچەتەی پزیشکییە. بەڵام ئەو دەرمانانەی دیکە کە پێویستییان بە ڕەچەتە نییە، دەبێت ڕەزامەندی پێشوەختی بە نووسراوی وەزارەتی تەندروستی وەربگرێت بە مەرجێك ئەو کەس و کۆمپانیایەی هەڵدەستێت بە ڕیکلامکردن و پروپاگەندە ڕێگەپێدراو بێت و ئەمانەت و دیقەتیش ڕەچاو بکات لە خستنەڕووی زانیارییەکان سەبارەت بەو دەرمان و بابەتە دەرمانسازییانە.

١٣. سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد جێگری داواکاری گشتی بەپێی پێویست لە سنووری هەر پارێزگا و قەزایەك دەستنیشان دەکات وەك چاودێر و سەرپەرشتیار بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە، و پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕاپۆرتی بەدواداچوون پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات لە ڕێگەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کە تیایدا بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بخاتەڕوو سەرەڕای دەستنیشانکردنی فەرمانبەر و کەس و لایەنی بەرهەڵستکار تاوەکو ڕێکاری قانونی لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر.

١٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

No :
Date: / /

ژمـــارە :
ڕێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی

**<u>وێنەیەك بۆ:</u>**

- دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکانی سەر بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی/ بۆ کاری پێویست سەبارەت بە دەستنیشانکردنی جێگری داواکاری گشتی بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە و ئاگادارکردنەوەمان لە ئەنجام و ناردنی ڕاپۆرتی دەوری، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیاری هاوپێچ لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەن/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز د. خەبات خالید ڕاوێژکاری کاروباری تەندروستی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ هەمان مەبەست، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail:cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+